# دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیریی بیرکردنەوەی لاوان پیردەکات



دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیریی لاوان لە ئێستادا گەیشتۆتە ئاستێک کە چەندەها کاردانەوەی خراپی لێکەوتۆتەوە، بۆ وەرگرتنی بۆچوونی لاوان لە هەر دوو ڕەگەزی نێرو مێ، پسپۆڕان و یاساناسان لەسەر ئەم مەسەلەیە لاپەڕەی خێزان، ئەم بەدواداچوونەی ئەنجامدا. هەندێک لە لاوان هۆکاری دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری دەگەڕێننەوە بۆ کەمتەرخەمی لاوان خۆیان. **ڕێبوار سەعید** (١٨) ساڵ، سەبارەت بە دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیریی لاوان، وتی: "هۆکاری دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری لاوان بە هەردوو ڕەگەزەوە کەمتەرخەمی لاوانە بە پلەی یەکەم، لەبەر ئەوەی گەرچی دەسەڵات دەرفەتی بۆ نەڕەخساندون، تا لاوان بتوانن دوارۆژی خۆیان پێ بنیات بنێن، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا لاوان خۆیان هەوڵ نادەن یان زەمینە سازی ناکەن بۆ بەدەست هێنانی ئەو پرۆسەیە". بەشێکی تر لە بەشداربووانی نێو ڕاپۆرتەکە بۆچوونی جیاوازیان هەیە. وەک (**بەهرە**) کە کچی ماڵەوەیە دەڵێت: "بەداخەوە حکومەت کارئاسانی ناکات ئەمەش هۆکارێکە بۆ دواخستنی ئەو پرۆسەیە، بگرە هەندێ جار قەیرەیی لێ دەبێتەوە".

بەهرە وتیشی "ئەوەندەی کچان بیر لە دەوڵەمەندیی دەکەنەوە، کوڕان بیری لێ ناکەنەوە، ئەوەندەی کوڕان بیر لە جوانی دەکەنەوە کچان بیری لێناکەنەوە، ئەمەش خۆی بۆ خۆی هۆکارە بۆ دواکەوتنی پرۆسەکە. هەندێکی تر پێیانوایە کە کوڕان بە قورسییەوە سەیری پرۆسەکە دەکەن، هاوژین عوسمان ١٩ ساڵ خوێندکاری زانکۆ، هۆکاری دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری دەگەڕێنێتەوە بۆ هەردوو ڕەگەز، لەوبارەیەوە وتی: " بە بۆچوونی من هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوڕەکە زۆر بەقورسی ئەم پرۆسەیە هەڵدەسەنگێنێ". لای خۆیانەوە بەشێک لەو لاوانەی کە نەچوونەتە پرۆسەکەوە هێما بۆ ئەوە دەکەن کە بە هۆی بێدەرامەتییەوە کوڕان بیر لەوە دەکەنەوە کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی وڵات. **شاهۆ موحەممەد** تەمەن (٢٥) ساڵەو تائێستا نەچووەتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، وەک ئەو باسی دەکات هۆکاری دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری لای لاوان بۆتە گرفت لەبەردەم لاوان. بە بڕوای شاهۆ؛ لاو سەرمایەیەکی وانییە لایەنی کەم بتوانێت ژیانێکی بەختەوەری پێک بێنێت، ناچار بیر لە کۆچ کردن بۆ وڵاتانی دەرەوە دەکەنەوە، تاوەکو چەند ساڵێک لەوێ ژیان بەسەربەرن بەهەر جۆرێک بێت کە لەوێ بۆیان بگونجێ بتوانن کە گەڕانەوە ئەوەندە پارەو پول لەگەڵ خۆیاندا بهێنن کە ژیانی هاوسەری پێک بهێنن، شاهۆ ئاماژەی بەوەشدا کە دەسەڵات بە توێژی لاوان فەرامۆش دەکات. ئەمەش وای لە لاوان کردوە کە لاوان گرنگی بە ژیانی خۆیان نەدەن شارەزایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش هۆکاری دواکەوتنی پرۆسەکە دەگەڕێننەوە بۆ پەروەردەی خێزانی **ئەلیاس تاهیر**- یاریدەدەری دادوەر لە دادگەی چەمچەماڵ و وانەبێژ لە کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە گەنجان لە ناو خێزاندا پەروەردەیەکی واناکرێ تا ئاستی هۆشیاری بە شێوەیەک بێت کە بەرگەی هاوسەرگیری و بەرپرسیاریێتی بگرێت کە ئەمە زۆرجار ئەبێتە هۆکارێک کە گەنجان لەو پرۆسەیە سارد بنەوە. ئەلیاس تاهیر وتی: "توێژی خوێندکاران و لاوان بەشێوەیەک بیر دەکەنەوە کە هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت، ئەمەش بۆ زۆرێک لە لاوان مەحاڵە هەروەکو پێشینان وتویانە (لە پڕێ نابی بە کوڕێ)، بۆیە گەنجان زیاتر بێ ئومێد دەبن". وتیشی: "ئاستی ڕۆشنبیریش لەمەدا ڕۆڵی هەیە، گەنجان و لاوان ناتوانن بیر لە پرۆسەی هاوسەرگیری بکەنەوە لەبەرئەوەی کاریگەری هەیە بۆ خۆیان و بۆ نەوەکانیان لە دوارۆژدا کێشەو گرفتەکانیان لا گەورەترە لە کێشەو گرفتی هاوسەرگیری و بەخێوکردنی نەوەکانیان. کۆمەڵناسانیش تاک بە بەرپرسی یەکەم لە دواکەوتنی پرۆسەکە دادەنێن. **پشتیوان عومەر**، توێژەری کۆمەڵایەتیی، دەرچووی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین باسی لەوەکرد کە دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەر گیری لای لاوان بۆدووهۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەم (تاک). دووەم: (لایەنی مەعنەوی (بەرپرس). ئەو توێژەرە زیاتر دواو وتی: "هەرچی تاکە ئەگەر لەدایک و باوکەوە دەست پێ بکەین دەبینین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەرلەکۆنەوە تاوەکو ئێستا مەبەستی خستنەوەی وەچە کارکردن و خۆبەهێزکردن بووە لە کاتی ڕووبەڕووبونەوە، نەک بەهێزکردن و دروستکردنی سۆزو خۆشەویستی لە نێوان ژن و مێردا ئەمەش وای کردوە ژمارەیەکی بێ پایان منداڵ بخەنەوە ئەم جۆرەش زیاتر لە گوندەکاندا

## گەورەکانی خێزان و دەوڵەت لە پرۆسەی هاوسەرگیریی لاوان و پێکەوەنانی خێزان بەرپرسیارن، دەبێ باشتر کاری لەسەر بکەن



باوبوە، بەڵام بەهۆی خاپور کردنی گوندەکان و وشکەساڵی گوندەکان و وردە وردە بەرەو چۆڵ کردن ڕۆیشتن دەڕۆن لەکاتێکدا لە گونددا زەوی و زار زۆر بەئاسانی دەست دەکەوێت، گەنجان زۆر بەئاسانی دەتوانن لە خانوویەکی سادەدا وەکو باقی خەڵکی تر ژیان بگوزرێنن، بەڵام بەهاتنی ئەو خێزانە منداڵ زۆرانە بۆ شار کە سیستمێکی ئیداری جیاوازی هەیە لە گوند، ناچار خێزان لە خانوویەک ئۆقرەیان دەگرت بەو هەموو ڕێژە منداڵە زۆرەوە باوکیش شەو و ڕۆژ بە دوای پەیداکردنی بژێوی وێڵە هەرچی دەکات فریای قووتیی منداڵەکانی ناکەوێ لەوەش مەپرسە کە لەبەر تێچونی خەرجی منداڵ تادەنێردرێتە قوتابخانە. ڕۆژ بەڕۆژ گرفتەکان زیاتر دەبن، بۆیە باوک زۆر بەدرەنگ بیر لەوە دەکاتەوە کە منداڵەکانی بخاتە قۆناغی خێزانداریەوە، گەنجیش کاتێ دەبینێتەوە خاوەنی هیچ شتێک نییە کە بتوانێ ژیانی پێ بەڕێ بکات هەرگیز بیر لە پێکەوەنانی خێزان ناکاتەوە، چونکە پێیوایە تا نەبێتە خاوەنی کۆمەڵێ شت ناچێتە ناو ئەو پرۆسەیەوە". ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە هیمای بۆ ئەوەشکرد: کاریگەری عەولەمە وەکو سەتەلایت، ئینتەرنێت و مۆبایل کە گەنج زۆر بەئاسانی دەستی دەکەوێت و دەتوانێ لەو ڕێگایانەوە لایەنی سێکسی کە یەکێکە لە ئامانجەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری بەئاسانی خاڵی بکاتەوە، هەرچەندە تووشی ڕاڕایی و دوودڵی و دڵەڕاوکێی دەکات، هەستی خۆبەکەم زانینی لادروست دەبێت وبەردەوام لە هەوڵی خۆپەراوێز بوونێتی لە کۆمەڵگە. هەر سەبارەت بەو کێشەیە، وتیشی: "زۆری داواکاری کچان لە زێڕو ماڵ کە گەنج زۆرجار بەو ئیمکانێتە کەمەوە ناتوانێ ئەو بارە هەڵگرێ، ئەگەریش ئەو هاوسەرگیرییە دروست بێت لە داهاتوودا ئەگەری دروست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی لێ چاوەڕوان دەکرێت، چونکە گەنج واهەست دەکات کچی کڕیوە وەکو ڕۆبۆتی لە گەڵی مامەڵە دەکات و دەبێ گوێ بۆ حەزوو ئارەزووەکانی ئەوشلبکات". لە کۆتاییدا **پشتیوان عومەر** پێدانی سلفەی زەواج و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی بە هۆکارێکی بەهێز بۆ زوو پێکەوەنانی خێزان دانا.

**ئا: شەرمین حەسەن**

**٩-٣-٢٠١٠**

# ئێمە و هەشتی مارسی ئەمساڵ

بەردەوامن. دیارە کێشەی ژن بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو جیهاندا و لە کوردستانیشدا کە لێرەدا جێگەی باسەکەمانە، پێشێلکردنی مافەکانییەتی وەکو بوونەوەرێکی سەربەخۆ، ڕێزنەگرتن لە توانایی ژن و مامەڵەکردن بە جەستە و هەست و بیری ژنەوە بۆتە ئاکارێکی ڕۆژانەی کۆمەڵگە بەگشتی، ئیتر هەر لە ناو خودی خێزانەوە بگرە هەتاوەکو ئەگاتە حیزب و حکومەت لە پاڵ ئەمەیشەوە بەکارهێنانی دەم و چاوی ژن لە کایە سیاسییەکاندا، بۆیە بەرزی ئاستی وشیاری سیاسی ژن ڕەهەندیکی گرینگە کە دەبێت ژنان خۆیان لەو بوارەدا بەهرەمەند بن و هەوڵی پەروەردەکردنی سیاسی خۆیان بدەن، لە ڕووداوەکان و بڕیارەکاندا دوورەپەرێز نەبن.

گەر وشیاری سیاسی ژن لەو ئاستەدا نەبێت کە دەرکی مافە سیاسیەکانی خۆی بکات لە پێناو بەدەست هێنانی پێگەیەکی شایستە بە کەسایەتی ژن، کە بتوانێت لەوێوە مافەکانی خۆی وەکو تاکێکی ئازاد بچەسپێنێت، بەوشێوەیە بەکاردێت کە ئەمڕۆ لە ئارادایە. ژنێک نوێنەری ئامانج و داخوازییەکانی ژن نەبێت، ژنیک کە بەرگری لە کوشتن و سووتاندن و هەڵاواردنی ژن نەکات، ژنیک کە دژ بە یاسای فرەژنی نەبێت، و بەرنامەیەکی نەبێت بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنانی بێکار و کەیبانووی ماڵ، ژنێک کە بەرگری لە ئازادی بەرگپۆشینی کچەکانمان نەکات ( ئەمانە تەنها بۆ نموونە ئاماژەی پێدەدەم) ئیتر دانیشتنی ئەو خانمە لەسەر کورسی پەرلەمان و حکومەت، گەر بۆشایی پڕکردنەوە و بەکارهێنان نەبێت، چی جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ پیاوێکدا کە ژن بە کۆیلەی خۆی دەزانێت . بوونی ژنی وشیار لەپێگەی سیاسی کوردستاندا دەبێتە پشتیوان بۆ بزووتنەوەی ژن، دەنا بزووتنەوەی ژنان نەک تەنها بەلاڕێدا دەڕوات وەکو ئەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین، بەڵکو ئاکامێکی کارەساتبارتریشی دەبێت.

لێرەدا پێویست ئەکات کە زۆر ڕاشکاوانە ئەوە بوترێت کە بەکارهێنانی بوجە و پارەیەکی زۆری خەڵک لەلایەن ڕێکخراوە بێبەرهەمەکانی ژنانەوە و چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک کە بەناو کار بۆ ڕۆشنکردنەوەی ژن دەکەن، هەقە چاوێکی جیدی پێدا بخشێنرێتەوە، لە کۆتایی هەر وەرزێکدا پێویستە بەرهەمی کارەکانیان بخرێت ژێر ڕۆشناییەوە. خۆ دیارە لایەنگری ئەوەم کە ڕێکخراوەی ژنان و گۆڤار و بەرنامەگەلێک بۆ ژنان هێندە زۆر بێت کە کاریگەری بەرچاویان هەبێت و هەموو شانازیان پێوە بکەین، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ هاوشان لەگەڵ ئەو زۆر و بۆرییەدا، بە ئاشکرا، ڕۆژ بە ڕۆژ پێشێلکاری و ستەمەکان لەسەر ژنان و لە میدیاکاندا بە فەرمی ئەبینرێن و ئەبیسترێن، بۆیە ئەم بەدواداچوونە گەلێک پێویستە. گەر ئەو ڕێکخراوانەی کە ناوی ژنانیان هەڵگرتووە و ئەوانەیشی کە لە ژێر ناوی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنیدا کار دەکەن، جار نا جارێک بە ئەجیندای بەرهەمی کارەکانیاندا بچنەوە ئاکامی ئەوە بزانن کە چیان کردووە و چیان بەدەست هێناوە، و کەمکارییەکانیان چی بووە، پێویستە چی بکەن کە بار و دۆخەکە بەو ئاڵۆزییە نەبێت، بە دڵنیاییەوە بەرهەمی باشیان دەبێت، و کۆمەڵیک کێشەی زۆر سادەی ژنانی بێمافی کوردستان چارەسەر دەبێت کە لە وڵاتانی تردا چەندین ساڵە ژنان لێی بەهرەمەندن.



**ڕووناک شوانی**

ستۆکهۆلم

# ڕۆژی جگەرە نەکێشان لە جیهاندا

یەکێک لەو شتانەی مرۆڤ حەزی لێ دەکات گۆرانکاریە لە ژیاندا ،گۆرانکاری لە خراپەوە بۆ باش و لە باشەوە بۆ زۆر باش و لە زۆر باشەوە بۆ باشترین و ..هتد. ئەمرۆ لەجیهاندا کەسێک نیە نەزانێت جگەرەکێشان زیانی هەیە و بوەتە گرفتێکی گەورە لە جیهانداو سەرچاوەی چەندین کێشەی دەرونی و خێزانی و ئابوری و جەستەییە ،هەربۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە بریاری ئەو گۆرانکاریە بدەیت و لە جگەرەکێشان دور بکەویتەوە .بیر بکەرەوە رەنگە ئەوە باشترین شت بێت لە ژیانتدا بیگۆریت، چی لەوە خۆشترە لە خەو هەڵسیت و بەتەواوی هەست بەوە بکەیت جەستەت چوست وچالاکەو بەخۆشحاڵیەوە بەرەوکارەکانت بچیت؟ وازهێنان لە جگەرەکێشان بەراستی گۆرینی شێوازی ژیانە،دەتۆیش ئەی جگەرە کێشی بەرێز ئامادەبە بۆ واز هێنان لەم خوە پیسە لەم رۆژەدا و عەقڵ و جەستەت لەئەمرۆوە لە جگەرەکێشان رزگار بکە .دڵنیابە لە دورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان هیچ شتێک لە کیس نادەیت ، بەڵکو هەمو شتێک دەبەیتەوە ، لەوانەیە بیر بکەیتەوە قورسە واز هێنان لە جگەرە لە کاتێکدا دەبینی بەدەوروپشتدا هەمو جگەرە دەکێشن، بەڵام تۆ چاو لەوان مەکە بەڵکو چاو لەهەزاران خەڵکی تر بکە لە جیهاندا رۆژانە واز لە جگەرەکێشان دەهێنن، تۆیش دەتوانی ئەوە بکەیت . لەگەڵ واز هێنانت لە جگەرە کێشان.

پاش ٢٠ چرکە ، فشاری خوێنت لەگەڵ لێدانەکانی دڵت دەگەرێنەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی و،سوری خوێنت چالاک دەبێت و لە دەست و قاچەکانتدا هەستی پێ دەکەیت.

پاش ٨ کاتژمێر ، ئۆکسجینی خوێنت دەگەرێتەوە باری ئاسایی و ،ئەگەری توشبونت بە جەڵتەی دڵ زۆر دور دەکەوێتەوە .

پاش ٤٨ کاتژمێر ، پیرۆزە .جەستەت نیکۆتینی تیادا نامێنێ ، ئەو کاتە دەزانی چەندە هەستی تام و بۆنکردنت گەشەی کردوە.

پاش ٧٢ کاتژمێر ،هەناسەدانت ئاسانتر دەبێت و وزەی زیاترت دەبێت.

پاش ٢-١٢ هەفتە ، سوری خوێنت لە هەمو جەستەتدا چالاک دەبێت و ئیتر دەتوانی بە ئاسانی پیاسە و وەرزش و راکردن ئەنجام بدەیت.

پاش ٣-٩ مانگ ، سیەکانت بە رێژەی ٥-١٠%توانایان زیاد دەکات .گرفتەکانی هەناسەدانت نامێنن و، خوا حافیزی لە کۆکەو هەناسە برکێ و خیزەخیز دەکەیت.

پاش ٥ ساڵ ، بەشێوەیەکی گشتی ئەگەری توشبونت بە جەڵتەی دڵ بەبەراورد لەگەڵ کەسانی جگەرەکێشدا دەبێتە نیوە.

پاش ١٠ ساڵ ، ئەگەری توشبونت بە شێرپەنجەی سی بەبەراورد لەگەڵ کەسانی جگەرەکێشدا دەبێتە نیوەو،ئەگەری توش بونت بە جەڵتەی دڵ بەتەواوی وەک کەسێکی لێ دێت کە هەرگیز جگەرەی نەکێشابێت.

کەوابو لەم رۆژەدا ناوی خوای لێ بهێنەو لەم چرکەوە بریاری وازهێنان لە جگەرەکێشان بدەو گۆرانکاری لە ژیانی خۆت و ماڵ ومنداڵ و ژینگەو دەوروپشتدا دروست بکەو ژیانێکی نوێ ... دور لە جگەرە دەست پێ بکە .



**ئامادەکردنی:**

**پزیشک محەمەد سەعید**

بەریتانیا

**سەرچاوە: دەنگی سەربەخۆ**